ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پاییز (٢٠٢٤)

سياسية، اجتماعية فصلية

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## ڕێزێک بۆ
# دەیڤد گرایبەر



## سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



## ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ




## وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

## کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

## لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

## شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

## واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

2024

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لەسەر دەربڕینی ئەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤



# ڕێزێک بۆ
# دەیڤد گرایبەر

David Graeber




**بەشداران**

جەمیل بایک

وەلید عومەر

مەنسوور تەیفووری

شاهۆ عوسمان

وریا ئەحمەد

فازڵ مەحموود

شێروان ئیبراهیم

عەلی ئەحمەد

سوورێن ئیبراهیم

ئیمان سەلیم

شادیار شۆڕش

مەریوان کاکەیی

هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**

٤٨

**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی

پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................ ٩

پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................ ٥١

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................ ٦٩

کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................ ٨١

وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری ........................ ٨٧

کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................ ٩٥

واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................ ١٠٩

لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................ ١٢٥

سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەكگوان ........................ ١٣٢

ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................ ١٤٥

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................ ١٥٧

«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................ ١٨٣

قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤد گرەیبەر ........................ ١٩١

تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................ ٢١٥

ڕانان بۆ پەرتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و تووندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان
٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بنکۆڵکاریی: ئازادیی کۆمەڵگە

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨)، ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ (دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) (١٩١٦) لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا پێش دەخرێت، کە لە ئەنجامدا پارچەیەکی کوردستان (باشوور) دەکەوێتە ناو سنووری ئێراقی سەربە کۆڵۆنی بەریتانیا و پارچەیەکی دیکەش (ڕۆژئاوا) دەکەوێتە نێو سنووری سووریای سەربە کۆڵۆنی فەڕەنسا. هێژای گوتنە ئەم ڕێککەوتننامە ڕێککەوتننامەیەکی شاراوەی نێوان زلهێزەکان بوو، ساڵێک پاش ئەمە و لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا کرا سایکس-بیکۆ دەبێتە زەمینەیەک بۆ پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، کە پارچەکردنی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیای سەروو ڕێک دەخات[1]. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شکستی عوسمانییەکان، لەو جەنگەدا ئینگلیزەکان دووڕییانی «یان کۆمار یان موسڵ-کەرکووک»یان خستبووە پێشی تورکەکان و مستەفا کەمال. جێهێشتنی موسڵ-کەرکووک بۆ ئینگلیزەکان، ئەنجامی پەیمانی سیڤەرە. گەر تورکەکان وازیان لە ولایەتی موسڵ-کەرکووک نەهێنایە، لە بەرانبەردا ئینگلیزەکان پشتگیریی کوردیان دەکرد بۆ ئەوەی [گوایە] دەوڵەتێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن. گەرچی بەپێی ئەو پەیمانە هیوایەکی زۆر بۆ کوردان هەبوو کە باکوور و باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ) پێکەوە بلکێنرێن و

١- ١. پەیمانی سیڤەر کە لەلایەن هاوپەیمانان و کاربەدەستانی تورک-عوسمانیی لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە فەڕەنسا مۆر کرا، لە ٤٣٢ مادە پێک دێت و بەشێکی تایبەتی دانرا بۆ کوردستان، کە مادەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی لەخۆ گرتوو.

دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لەژێر چاودێریی بەریتانیا بۆ دامەزرێت، بەڵام تورکەکان و بەرژەوەندیی و پیلانگێڕییەکانی دەوڵەتە هەژموونگەرەکان، وایان کرد پەیماننامەکە پووچەڵ بکرێتەوە. پاش ئەوە پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ واژۆ کرا، کە تێیدا لە چەندین دەقدا تورکیا هەر بە ناوی نەتەوەی تورک ئاماژەی پێ دەکرێت و لە هیچ شوێنێکدا ناوی گەلی کورد نەهاتووە. بەمەش گەورەترین پیلانگێڕیی لەسەر گەلی کورد جێبەجێ دەکەن و مێژوویەک لە کۆمەڵکوژیی و تراژیدیی دەکەن بە چارەنووسی.

تورکەکان بۆ ئەوەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لە گۆڕەپانی ململانێ جیهانییەکاندا بپارێزن، دەستبەرداری موسڵ-کەرکووک دەبن. بەم شێوەیەش ئینگلیزەکان دوو سیستەمی دەوڵەت–نەتەوە ـ واتە کۆماری تورکیا و ئێراق دادەمەزرێنن و جەستەی کوردستان (باکوور و باشوور) پارچە دەکەن. کورد لە هەر پارچەیەکیاندا دەکەوێتە بەر هێرشی پاکتاوکاریی و کۆمەڵکوژیی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی سیستەمی دەوڵەت–نەتەوەی تورک و دەوڵەت–نەتەوەی عەرەبی ئێراق. لەو بارەیەوە ڕێبەر ئۆجالان دەڵێت: *کێشانی هێڵی سنوورەکانی ئێراق–تورکیا خراپترین گۆڕانکاریی مێژووی هاوچەرخی کوردستان بوو لە نێوان کۆماری تورکیا و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا*[٢]. هاوکات هاوشانی ئەم دوو پارچەیەی

٢– عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لەوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ٢٨٣.

کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی فارسی ئێران (ئەم پارچەیەی کوردستان لە ڕێککەوتنامەی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩، کە لە نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان واژۆ کرا، لە یەکپارچەیی کوردستان دابڕێنرا) و ڕۆژئاوای کوردستانیش لەناو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی عەرەبی سوریا بە هەمان چارەنووسی سیاسەتی نکوڵییدا تێدەپڕن: سنوورێکی سیاسیی دیاریکراوی توندوتۆڵ، یەک زمان، کەلتوور، ئایین و ئیتنیکی زاڵ.

بەم ڕەنگە کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ یەکێک بوو لە بەردەکانی بناغەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئینگلیزەکاندا دامەزرا. بە واتایەکی دیکە، تورکەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکێک لە دووڕێیانی «یان کۆماری تورکیا یان موسڵ-کەرکووک» دەوڵەت-نەتەوەیەکی تورکیی بە سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراوەوە لەسەر حیسابی سەرکوتکردنی کورد دادەمەزرێنن. کاتێکیش کوردان تێدەگەن ڕۆڵ و پێگەیەک یان مافێکی نەتەوەییان لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا نییە، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ بەرخۆدان و بەرگریی لەپێناو پاراستنی ناسنامەی خۆیان. بەڵام زۆر بە توندیی و دڵڕەقانە دەکەونە بەر شاڵاوی قڕکاریی فاشیزمی دەوڵەتی تورک. واتە بە ماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی ئەم کۆمارە، دەوڵەت بە ناوی یەک نەتەوەی تورکەوە بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە دەست بە قڕکردنی کوردان دەکات. هەر دوو ساڵ

پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، وەک دیرۆکنووسی ڕووسیی میخایل لازاریێف لە پەڕتووکی «کوردستان و پرسی کورد» ئاماژەی پێ دەکات، ڕۆژنامەی «وەقت»ی تورکیی لە ٢٥ی ئایاری ١٩٢٥ دەنووسێت: «لەو شوێنەی تیغی تورک هەبێت، پرسی کورد بوونی نابێت»[٣]. ڕێبەر ئۆجالان ئاماژە بەوە دەکات کە *«کورد لە ئاکامی پیلانگێڕیی فاشیزمی تورکی سپییەوە کە لە ١٥ی شوباتی ١٩٢٥دا دەستی پێ کرد، کەوتووەتە قۆناغی گەورەترین کارەساتی مێژوویی‌یەوە. ئەو پیلانگێڕییەی لە ١٩٢٥ دژی کورد ئەنجام دراوە زۆر لەو پیلانگێڕییە بەرفراوانتر و درێژخایەنترە کە لە ١٩١٥ دژی ئەرمەنییەکان ئەنجام دراوە»*[٤]. تا دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٣٩) گەلی کورد لە باکووری کوردستان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان چەندین سەرهەڵدان لە بەرانبەر دەوڵەتی تورک دەنوێنن، بەڵام هەموو جارەکان کۆمەڵکوژ و سەرکوت دەکرێن. هەر وەک ڕێبەر ئۆجالان دەنووسێت: *جووڵانەوە کوردییەکانی قۆناغی ١٩٢٥ ـ ١٩٤٠ کە هەوڵ درا وەک سەرهەڵدانی کۆنەپەرستانەی دژی ڕژێمی کۆمار مەحکوم بکرێن، لە ناوەڕۆکدا ئامانجی پاراستنی کوردانە بەرانبەر فەشیزمی تورک، بەرخۆدانە دژی پاکتاوکردنی ناسنامەی کورد*[٥]. جێی ئاماژەیە، لەو قۆناغەدا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە - CHP) بە سەرۆکایەتیی مستەفا

3- Лазарев М. С., Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX века - 1917 г.), М. 1964. С. 372.

٤- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لەوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ٢٧٨.

٥- هەمان سەرچاوە، ل. ٢٧٩.

کەمال ئەتاتورک وەک تاکە پارتی دەسەڵاتداری دەوڵەت-نەتەوەی تورک ئەم کۆمەڵکوژییانەی گرتبووە ئەستۆی خۆی و دەستی بە خوێنی کوردان سوور بوو.

لە دوای ساڵی ١٩٤٠ـەوە گەلی کورد لە باکوور بە قۆناغێکی مەترسیداری تیاچوون، ئەسیمیلاسیۆن، هۆموژێن (یەکڕەنگ)، نکولّیی و ڕادەستبووندا تێدەپەڕن، تا ساڵی ١٩٧٨ کە بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەر ئۆجالان پەکەکە (پارتیا کارکەرێن کوردستان) دادەمەزرێت و پێشەنگایەتیی تێکۆشانی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەمەش بە قۆناغی ژیانەوە (ڤەژین) ناو دەبرێت و لە دوای ئەوەوە ڕێبەر ئۆجالان و پەکەکە لە باکووری کوردستان دەبنە تاکە هیوای ڕزگاریی نەتەوەیی و تێکشکاندنی داگیرکاریی دەوڵەتی تورک. ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم هێزە لە پارچەکانی دیکە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشە دەسەنێت.

هاوکات لە بەرانبەردا دەوڵەتی تورک تەواوی سیاسەتە نێوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیی، سەربازیی، هەواڵگریی، ئابووریی، بازرگانیی، سیاسەتی ئاو، میدیا و شەڕی تایبەت (سایکۆلۆژیی) هتد... دژی پەکەکە و گەلی کورد دەخاتە گەڕ. کاتێکیش هەر دەوڵەت و لایەن و کەسێک پشتیوانیی لە داواکانیان بۆ دوژمنایەتیی پەکەکە نەکات، ئەوا وەک دوژمنی تورکیا ناساندوویانە.دەوڵەتی تورک چووەتە نێو هەر ڕێککەوتن و پیلانگێڕییەکەوە کە ئامانج لێی سەرکوتکردنی کورد و پەکەکە بووبێت. وەک چۆن بە سەرپەرەشتیی گلادیۆی ناتۆ زۆر هێزی

ناکۆک لە پیلانگێڕیی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩٩ دژی ڕێبەر ئۆجالان یەکیان گرت و دواجار بە هاوکاریی دەزگا سیخوڕییەکانی سی ئای ئەی ئەمریکا، مۆسادی ئیسرائیل و میتی تورک لە نایرۆبی پایتەختی کینیا ڕفێنرا و ڕادەستی دەوڵەتی تورکیان کرد.

ناتۆ لەبەر ئەوەی هێزی پەکەکە بە مەترسیی بۆ تورکیا ــ واتە بۆ یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت، بە چەندین قۆناغ هەوڵی پیلانگێڕیی بۆ پاکتاو یان بێکاریگەرکرنی داوە، بەڵام شکستی هێناوە. هاوکات هێزە هەژموونگەرەکانی ئەمریکا و ئەورووپا تورکیایەکیان ویستووە کە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵ وازیی بکات، واتە لغاوەکەی لە دەستی خۆیاندا بێت. بۆ نموونە، کاتێک بۆ گۆڕانکاریی سیاسیی و هەژموون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆژەی داگیرکرنی ئەفغانستان و ئێراق دەخەنە نێو ستراتیژی خۆیانەوە، پێویستیان بە مۆدێلێکی نوێی حکومڕانیی لە تورکیا دەبێت. بەم شێوەیەش پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) پێش دەخەن کە وەک پرۆژەیەکی ئیسلامی میانڕەو لە ٢٠٠١ـدا دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم پارتە لە بەرانبەر پرسی کورددا هەمان نەریتی پێشووی پارتە حکومڕانەکانی دەوڵەتی تورکیای پەیڕەو دەکرد، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا. ڕێبەر ئۆجلان ئاماژە بەوە دەکات یەکەمین هەشت ساڵی دەسەڵاتی ئاکەپە (AKP) زۆر لە یەکەمین هەشت ساڵی دەسەڵات جەهەپە (CHP) (١٩٢٣ – ١٩٣١) دەچێت. لە هەردووکیشیاندا ڕژێمی یەک پارتی دەسەڵاتدارە. <...> وەک چۆن CHP پارتی دەوڵەت–

نەتەوەی قۆناغی ١٩٢٥-١٩٤٠ـە بۆ لەناوبردنی خوێنییانەی بوون و بەرخۆدانی کوردان، ئەوا لە ساڵانی ٢٠٠٠ـەوە ئاکەپە (AKP)ـش پارتی دەوڵەت-نەتەوەیە کە لەسەر بنەمای هەلومەرجی قورستر لەناوبردنی ڕاستینەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی کردووەتە ئامانج[٦]. واتە گەرچی ئەم دوو پارتە لە ڕووکەشدا یەکێکیان نوێنەرایەتیی سیکۆلاریزم و ئەویتریان ئیسلامی دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە دوو کۆنتێکست و قۆناغی جیاوازدا پارتی دەوڵەت-نەتەوەن و بە پلەی یەکەم قڕکردن و سەرکوتکردنی کوردان دەکەنە ئامانجیان.

ئاکەپە بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان پلە بە پلە دەستی لە جڵەوی دەسەڵات گیر دەبێت. بۆ ئەمەش سیاسەتێکی دووڕوو لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا دەگرنە بەر. ئەم سیاسەتە دووڕوویەیان بە ئاشکرا لەمەڕ پرسی کورد و بەرانبەر پەکەکە دەرکەوتووە. بۆ نموونە، کاتێک لە کانوونی دووەمی ٢٠١١ لە نێوان دەوڵەتی تورک و پەکەکەدا دیدار بۆ پرۆسەی ئاشتیی و چارەسەری پرسی کورد بەڕێوە دەچێت، شاندێکی دەوڵەتی تورک لە ئەنقەرەوە دەچنە تاران و پێشنیار بۆ کاربەدەستدانی ئێران دەکەن تا پێکەوە دژی پەکەکە ئۆپراسیۆن بکەن و لەناوی ببەن[٧].

ئەم پارتە هەمان سیاسەتی دووڕوو لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی

---

٦- هەمان سەرچاوە، ل. ١٨٦ ـ ١٨٨.

٧- ئامەد دیجلە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠١٥ دیدارەکانی تورکیا ـ پەکەکە. وەرگێڕانی: نەجیبە قەرەداغی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢. ل. ٢٦٣ ـ ٢٦٤.

تورکیادا پەیڕەو کردووە. ساڵانێکە پرسی فەلەستینی بەم سیاسەتە بەکار هێناوە و بۆ ڕاکێشانی هەستی ئایینیی موسڵمانانی جیهان خۆی بە نەیاری ئیسرائیل نیشان دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە لە ماوەی حکومڕانی ئاکەپەدا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی و تەکنۆلۆژیای سەربازیی و هەواڵگریی نێوان تورکیا و ئیسرائیل گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک هەرچەندە لە میدیاکانەوە لەمەڕ پرسی فەلەستین هەڵوێست دژی ئیسرائیل پیشان بدەن، بەڵام بە کردەوە سیخوڕ و ناردەستی ئیسرائیلن. کاریگەریی ئایدۆلۆژیی و بازرگانیی (مادیی و مەعنەویی) جووەکان لەناو کاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ڕاستییەکی مێژوویی و دواتریش لە بواری بازرگانی و سیاسەتی دەوڵەت–نەتەوەی تورک ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان بایەزیدی پاشای عوسمانییەکان، دوای ئەوەی جووەکان ساڵی ١٤٩٢ لە ئیسپانیا و ساڵی ١٤٩٦ لە پورتوگال دەرکران، زۆربەیان لە ئەنادۆڵ پەنا دەدرێن و نیشتەجێ دەبن[٨]. کاتێکیش ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەت–نەتەوەی یەهوودیی ئیسرائیل بە فەرمیی ڕاگەیەنرا، دەوڵەت–نەتەوەی تورک وەک یەکەم دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانی بە ئیسرائیلدا نا. جووەکان ئەنادۆڵ بە نیشتمانی دووەمی خۆیان دەزانن. وەک چۆن[٩] لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەستەنبوڵ نەوەی جووە کۆچبەرەکان و نەوەی خانەخوێکانی پێنجسەد ساڵ لەوەوبەر یادی هاتنی جووەکانیان لە ئیسپانیاوە بۆ تورکیا کرد بە جەژن.

---

٨– بێرنارد لویس، بەریەککەوتنی کەلتوورەکان (مەسیحییەکان، موسڵمانەکان و جوولەکەکان). وەرگێڕان: یاسین حاجی زادە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل ٤١ ـ ٤٤.

٩– هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

دوای ئـەوەی بەهـاری عەرەبـی لـە سـاڵی ٢٠١١ سـەر هەڵـدەدات، پریشـکی ئاگرەکـە بـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکەوێت و چەندیـن گۆڕانکاریی سیاسـیی و سـەربازیی بە تایبەت لـە سوریا و ئێراق ڕوو دەدەن. دەرفەتێکـی مێژوویـی بـۆ کـوردان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دێتـە پێش، جا خۆیـان ڕێک دەخـەن و پارێزگاریی لـە بوونی نەتەوەیی خۆیـان دەکـەن. پاش ئەمـە دەوڵەتی تورک هەمـوو هەوڵـی خۆی بۆ دژایەتیی و لەناوبردنی ئـەم پارچەیـەی کوردسـتان دەخاتـە گـەڕ.

سـاڵی ٢٠١٣ داعش (دەوڵەتی ئیسـلامی لـە ئێراق و شـام) سـەری هەڵدا و بەشـێک لـە خاکـی سـوریا و ئێراقـی داگیـر کـرد. تورکیا بـووە ترانزێتـی توندڕەوەکانـی هەمـوو وڵاتـان و لـەو ڕێگەیـەوە دەچوونـە نێـو داعشـەوە. دەوڵەتـی تـورک سپۆنسـەر و  پاڵپشـتی سـەرەکیی داعـش بـوو، دەیویسـت لـەو ڕێگەیـەوە بەشـێک لـە خاکـی سـووریا و ئێـراق داگیـر بـکات و زیندووکردنـەوەی ‹میسـاقی میللیـی› بکاتـە ئەمـری واقیـع. جگـە لـەوە چەندیـن گرووپـی چەتـەی تیرۆریسـتی درووسـت کرد و بـە هاوکاریـی ئـەوان سـاڵی ٢٠١٨ هەرێمـی عەفریـن و سـاڵی ٢٠١٩ سـەرێکانی و گرێ سـپییان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان داگیـر کـرد و چەندیـن تاوانـی مرۆڤایەتییـان ئەنجـام دا (تـا ئێسـتاش بەردەوامـە). بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئەمریـکا و بەریتانیـا دژی هەوڵـی زیندووکردنـەوەی میسـاقی میللیـی بـوون، ئـەو خەونـە سـەت ساڵییە بـەدی نەهـات. لـە بەرانبـەردا دەوڵەتـی تـورک دیسـان سیاسـەتێکی دووڕووی لەگـەڵ ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەورووپـا بەڕێـوە دەبـرد: لـە لایەکـەوە خـۆی وەک هاوپەیمـان و ئەندامـی سـەرەکیی  ناتـۆ دەزانـی،

لە لایەکی دیکەشەوە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە ئێراق و سووریا، ڕێککەوتنی سەربازیی و بازرگانیی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی لە سوریا لەگەڵ ڕووسیا ئەنجام دەدا.

ئەمریکا دوای جەنگی جیهانیی دووەم ڕۆڵی کەواسووری بەر لەشکری هەژموونگەرایی سیستەم دەگێڕێت، لە ساڵی ١٩٥٢ کۆماری تورکیای کرد بە ئەندامی ناتۆ و بە گوێرەی بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی خۆی کۆنترۆڵی کردووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا سیاسەتە لووتبەرز و ئاژاوەگێڕییەکانی دەوڵەتی تورک دژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، وایان کردووە سیاسەتی ئەم دەوڵەتە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو سیستەمی سەرمایەداریی جیهاندا بکەوێتە ژێر گومانەوە و جێگرەوە بۆ پێگەی جیۆپۆلەتیکیشی بخرێتە ڕۆژەڤەوە.

دەوڵەتی تورک هەمیشە پێگەی جیۆپۆلەتیکیی و خۆیشی وەک تاکە هاوپەیمانی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووەتە پەڵپ و پاساو بەرانبەر هێزە هەژموونگەرەکانی ڕۆژئاوا تا هەموو خواست و چاوچنۆکییە سیاسییەکانی بەدی بهێنێت. بەڵام دوای داگیرکردنی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، پاش جێگیربوونیان لە بەشێکی خاکی سووریا (لە دوای ساڵی ٢٠١٤)، دۆستایەتیی ستراتیژی سەرمایەداریی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی و بەتایبەت کەنداو و هاوپەیمانی هەمیشەییان لەگەڵ ئیسرائیل، چیتر ئەو پێگە سەرەکییەی تورکیا لە ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتییدا وەک خۆی نەمایەوە. لە ئێستادا قۆناغی پەراوێزخستنی جیۆپۆلەتیک و بێبەشکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ کردووە.

ساڵی ٢٠٢٠ بە سەرپەرەشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتنی پایتەخت ڕێککەوتنێکی دیبلۆماسیی لە نێوان ئیسرائیل و هەردوو وڵاتیی عەرەبیی ئیمارات و بەحرەین واژۆ کرا، تا ببێتە بە بنەمایەک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی. ئەمەش بە «ڕێککەوتنی ئیبراهیم» ناودێر کرا، کە لە ناوی پەیامبەر ئیبراهیمەوە هاتووە وەک باپیرە گەورەی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکە: جوو، مەسیحیی و ئیسلام. بەو ڕێککەوتنە ئیمارات و بەحرەین چوونە ڕیزی دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەک میسر (لە ساڵی ١٩٧٩) و ئوردن (لە ١٩٩٤) بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل.

هەنگاوێکی تر بۆ نزیککردنەوەی ئیسرائیل و هەندێک دەوڵەتی عەرەبیی لە یەکتری، خۆی لە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئابووریی دەبینێتەوە، ئەمە بە ڕێڕەوی ئابووریی هند ـ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ـ ئەورووپا (IMEC) ناو دەبرێت و لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی G٢٠ لە نیودلهی لە ساڵی ٢٠٢٣ پێشنیاری لەسەر کراوە. ئەم پرۆژەیە ڕێڕەوێکە لە هندەوە بە دەریادا بۆ کەنداو دێت، لە ڕێگەی هێڵی ئاسنیشەوە ئیمارات، سعوودیە، ئوردن و ئیسرائیل پێکەوە دەبەستێت و لەوێشەوە لە دەریای ناوەڕاستەوە دەگاتە کیشوەری ئەورووپا. ئەم پرۆژەیە ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە وا وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنرێن. بەم پرۆژەیەش ململانێ ئایینیی و نەتەوەییەکانی نێوان هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسرائیل، کە بۆ قووڵایی مێژوو دەگەڕێنەوە، دەچنە قۆناغێکی نوێ و

دەگۆڕێـن بـۆ بەرژەوەندیـی سـەرمایەداریی. جگـە لـەوەش ئەمریـکا دەیەوێت جێگرەوە و ڕکابەرێک بۆ پرۆژەی دەستپێشخەری «یەک پشـتێن ـ یـەک ڕێگـە» یـان ڕێگـەی ئاوریشـمی چیـن بدوزێتـەوە، کـە چیـن لـەو ڕێگەیـەوە بـە سیاسـەتی نـەرم وردەوردە دێتـە نێـو قوولایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و مەترسیی بۆ تاکجەمسـەریی و هەژموونـی ئەمریـکا درووسـت کـردووە.

هـاوکات ئاماژەکانی ململانێی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بـۆ ئـەوە دەچـن ئەمریـکا و ئیسـرائیل هـەوڵ دەدەن گۆڕانکاریـی لـە نەخشـەی ناوچەکـەدا بکـەن. لـەو پێنـاوەدا پـرۆژەی ‹ڕێـڕەو ـ نەخشـەی داود› پێشـنیار دەکـەن، بەپێـی ئـەم نەخشـەیە ئیسـرائیل، سـووریا و ئێـراق پێکـەوە دەبەسـتێت و دەبێتـە ڕێـڕەوی ئاسـایش و ئابووریی نێوانیـان. ئەمـەش هەر لە چوارچێوەی پرۆژەی هەژموونگەرایی ئیسـرائیلدایە لـە نیلـەوە بـۆ فـورات.

کاتێـک دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی تـورک دەبینـن بەهـۆی پـرۆژەی ڕێڕەوی ئابوورییـەوە پێگـەی جیۆپۆلەتیکیـان پەراوێـز خـراوە، هـەوڵ دەدەن هـەم پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووریی کە بە ئیسـرائیلدا تێدەپەڕێت، هـەم ڕێـڕەو ـ نەخشـەی داود و هەمیـش ڕێککەوتنـی ئیبراهیـم لـە نێـوان عـەرەب و ئیسـرائیلدا ئاسـتەنگ بکـەن. بۆیـە دەوڵەتـی تـورک دەسـتی کرد بـە هاندانـی حەمـاس لـە کەرتـی غـەزە تـا هێـرش بکاتـە سـەر ئیسـرائیل. ڕاسـتییەکەی ئەوانـەی ئەمەیـان دەویسـت ئەمریـکا و ئیسـرائیل بـوون. ئـەوان دەیانویسـت بـە دەسـتپێکردنی شـەڕ بیانوویـەک بدۆزنـەوە و ئاسـتەنگەکانی بەردەمیـان؛ واتـە حەمـاس و

حزبوڵا ڕاماڵن. ئیسرائیلیش ساڵانێک بوو خۆی بۆ سەرکوتکردنی حەماس و لەناوبردنی حیزبوڵا ماتە دابوو، ئەو هێرشەی بە هەلێکی مێژوویی زانی تا ئامانجەکانی هەژموونی سەرمایەداریی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدی بهێنێت. ویستی هیچ هەڕەشەیەکی سەربازیی لە سەر پرۆژەی بازرگانیی لە دەریای ناوەڕاست نەمێنێت. ئاشکرایە لە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەوە کاربەدەستان و خودی دەوڵەت-نەتەوەی تورک بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئیسرائیل، بەریتانیا و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی سیخوڕ و گێرەشێوێنیان گێڕاوە. ڕۆڵی سیخوڕیی و داردەستێتیی دەوڵەتی تورک بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕوژئاوا لە دوو باردایە، یەکەم: کاتێک بیانەوێت لە هەلومەرجێکی سیاسیی ناوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییدا دژی نەیاری بەرژەوەندییەکانیان بەکاری بهێنن؛ دووەم: کاتێک بە هەمان هەلومەرج بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە دژی خۆیان بەکاری دەهێنن. بە درێژایی سەدەی بیست پرسی کورد و فەلەستین لە لەنێو دەستاڕی ئەم گەمە هەواڵگرییەدا کراوەتە قووربانیی.

دەوڵەتی تورک بۆ ئەوەی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی خۆی بپارێزێت و خۆی وەک ناوەندی گواستنەوەی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بهێڵێتەوە، لە ئێستادا هەوڵ دەدات هێڵێکی گواستنەوەی بازرگانی لەژێر ناوی «پرۆژەی ڕێگەی گەشە» لەگەڵ ئێراق دابمەزرێنێت، کە لە کەنداوەوە بە ناو ئێراق و تورکیادا تا بەندەری ئەستەنبووڵ درێژ دەبێتەوە و لەوێشەوە دەگاتە وڵاتانی

ئەورووپــا. تورکیــا لــە لایەکــەوە ئــەم پرۆژەیــەی وەک جێگــرەوە و ڕکابــەری پــرۆژەی ڕێــڕەوی ئابووریــی (IMEC) پێــش خســتووە، لــە لایەکی دیکەشــەوە هانــی حەماســی دا هێــرش بکاتــە ســەر ئیســرائیل بــۆ ئــەوەی ئــەو پــرۆژەی ڕێــڕەوی ئابووریــی، کــە ناوەندەکــەی ئیســرائیل و باشــووری قوبرســە، شکســت بهێنێــت. بــەڵام بێدەنگیــی دەوڵەتانــی عەرەبیــی لــە بەرانبــەر هێرشــەکانی ئیســرائیل بــۆ ســەر غــەزە و باشــووری لوبنــان، خــۆی لــە خۆیــدا واتــای ســووربوون و یەکلاکردنــەوەی ســەرکەوتنی پرۆژەکەیــە. هەرچەنــدە گــەر پــرۆژەی «ڕێگــەی گەشــە» ســەرکەوتووش بێــت، هێشــتا تورکیــا ئــەو پێگــەی پێشــووتری نابێــت کــە لــە ڕێگەیــەوە خــۆی بــە پــردی پەیوەندیــی بازرگانــی نێــوان ئاســیا و ئەورووپــا دەزانــی و بــە درێژایــی تەمەنــی دەوڵــەت–نەتەوەکــەی وەک پەڵــپ و کارتــی فشــار بەرانبــەر هــەر هێزێکــی هەرێمیــی و نێودەوڵەتیــی بەکاری دەهێنــا، بــە تایبــەت کاتێــک دژی قڕکردنــی کــوردان و چارەســەرنەکردنی پرســی سیاســیی کــورد هەڵوێســت و تێگەیشــتنیان جیــاواز بووایــە.

لەمانــەش بترازێــت تورکیــا لــە چەنديــن شــوێنی ســتراتیژی لووتــی دەبێــت بــە لووتــی بەرژەوەندییەکانــی ئێــران و هاوپەیمانەکانییــەوە، لــەم بەســتێنەدا گــەرەکێتیی هەڕەشــە لــە ڕێــڕەو و پێگــە ژیۆپۆلەتیکیی و ســەربازییەکانی ئێران بکات، پڕۆژەی ‹لاجورد و زەنگزوور› لــەم بەســتێنەدا باڵکێشــن، ئــەوەی ئــاو دەکات بــە ئاشــی ئــەم چاوچنۆکییــەی تورکیــادا ئەوەیــە؛ پانتورکیــزم لــە ڕووی مێژووییــەوە ئێــران بــە قووڵایــی ســتراتیژیی خــۆی دەزانێــت.

بەم شێوەیە ترسی لەدەستدانی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی، کە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵات و هێزی تورکیایە، تورکیای خستووەتە ترسێکی گەورە و ‹*پێچی دەستارەکە*›. ئەو سیاسەتانەی بۆ ماوەیەک سوودی کاتییان بە تورکیا بەخشی، ئێستا کاریگەرییان لەناو سیستەمی سەرمایەداریی جیهاندا لەدەست داوە. تورکیا کەوتووەتە دۆخی بنبەستی سیاسیی و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی بەرژەوەندیی و ململانێی هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی نەماوە.

جێی ئاماژەیە پرۆژە ئابوورییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتەوە بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان و هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، یان لە دژی هێزی دیکەی نێودەوڵەتیی پێش دەخرێن، نەک لەپێناو ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە نابنە چارەسەری بنەڕەتیی بۆ کێشە و ململانێ سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت بۆ پرسی کورد و فەلەستین. بە واتایەکی دیکە، پرۆژە ئابووریی و بازرگانییەکان لەپێناو کاڵکردنەوەی سنوورەکانی بەردەم سەرمایەداریی نێودەوڵەتییە لەناو چوارچێوەی جەمسەری ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا، نەک کاڵکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان و پێشخستنی پرۆژەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیکی گەلانی ناوچەکە. گەر ڕێککەوتنێک بۆ پرۆژەی ئابووریی و سیاسیی لە نێوان دەوڵەتە هەژموونگەرەکانی ڕۆژئاوا، دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسرائیل

هەبێت و پێگەی تورکیا پەراوێز بخرێت، لەبەر ئەوەیە ئێستا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە هەژموونگەرەکان گۆڕاون و تورکیا وەک پێشتر بەشێک نییە لە هەژموونی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی. ڕێککەوتنی چەند هێزێک و پەراوێزخستنی هێزێک یان چەند هێزێکی دیکە، دەرئەنجامی سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە، نەک سیاسەتی نەتەوەی دیموکراتیک.

کەواتە لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر پارچەکردنی کوردستان و چارەسەرنەکردنی پرسی کورد دامەزراوە، بۆ دەربازبوون لەو گێژاو و قەیرانانەی سەرچاوەکەیان بۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەگەڕێتەوە، تێپەڕاندن و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکە و هاوسەنگیی نوێش بە چارەسەری پرسی کوردەوە بەندە. بەڵام چەوتیی هەرە مەزنی دەوڵەتی تورک ئەوەیە خۆی سپاردووەتە ئەو ئەرکەی دەوڵەتە هەژموونگەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە دامەزراندنییەوە بۆیان چێ کردووە، لەبری ئەوەی پرسی کورد چارەسەر بکات، تاکە هەوڵی ئەوە بووە کورد سەرکوت بکات و پەکەکە لەناو ببات. بەڵام لە ئێستادا لە لایەکەوە بەهۆی بەرخۆدانی کوردان بە پێشەنگایەتیی پەکەکە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەی سەرچاوەکەیان بۆ سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە دەگەڕێنەوە، لە سەروەختی لەدەستدان و پەراوێزخستنی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی و سیاسەتی نێودەوڵەتییدایە.

بۆیە کێشە هەنووکەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەمان پێ

دەڵێـن سیسـتەمی دەوڵەت-نەتـەوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی توانای چارەسەری ئەو کشانەی نییە وا خۆی هۆکار و سەرچاوەیانە. ئاسـایش و ئارامیـی ئـەو دەوڵەت-نەتەوانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەش کراوە، مسۆگەر و پارێزراو نابێت، گەر لەناو سنوورەکانیدا کـورد بـە نائارمیـی و بێ مافـی ناسـنامەی نەتەوەیـی بژێـت. چارەسـەری کێشـەی کـورد بـە ڕێگەچـارەی دیموکراتیـک لەگـەڵ دەوڵەت-نەتەوەکانـی تـورک، ئێـراق، سـووریا و ئێـران لـە ڕێگـەی پەسـەندکردنی مافـی نەتەوەیـی دیموکراتـی گەلـی کـورد و سـتاتۆی خۆبەڕێوەبەریـی دیموکراتیانـەوە بـەدی دێـت. کێشـەی کورد بووەتـە گرێکوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لـە بەرانبـەر سیسـتەمی دەوڵـەت-نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستیش، گەشـەدان بـە مۆدێلـی نەتـەوەی دیموکراتیک و بونیادنانی کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیک، کـە جەسـتە و شـێوە سیاسـییەکەی ئـەو مودێلەیـە، پێویسـت و حەتمییـە. وەک ڕێبـەر ئۆجـالان دەبێژێ: کاتێـک کوردسـتانی کۆنفیدراڵـی دیموکراتیک مۆدێلی نەتـەوەی دیموکراتیکـی خـۆی پێـش بخـات، بـە دڵنیاییـەوە دەتوانێـت یەکێتیـی و یەکینـەی هاوشـێوە لەگـەڵ کۆمەڵگـە دراوسـێکانی هـەر بەشـێک ئـاوا بکات. ئەگـەر پێکهاتـەی هاوشـێوە لە تورکیا، ئێران، ئێراق و سـووریا پێـش بخرێـت، ئاشـکرایە کوردسـتانی کۆنفیدراڵیـی دەبێتـە ناوکـی یەکێتیـی نەتـەوەی دیموکراتییانـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

★★★

# Freedom of society

مـجلة حـرية المجتمع،

intellectual, political, social & seasonal magazine


### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com